# پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسفی وستایشی پیاوێکی تری دەکرد وزیادەڕەوی دەکرد لەمەدا، فەرمووی: پشتی پیاوەکەتان شکاند -بڕاند

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسفی وستایشی پیاوێکی تری دەکرد وزیادەڕەوی دەکرد لەمەدا، فەرمووی: «پشتی پیاوەکەتان شکاند --بڕاند».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو کە وەسف وستایشی پیاوێکی تری دەکرد بەهۆی چاکەکار بوونی بەڵام لەمەدا زیادەڕەوی دەکرد وهەندێک وەسفی دەکرد کە تێیدا نەبوو لە سیفەتە جوانەکان، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی لێیکرد، وپێی فەرموو کە ئەمە هۆکاری بۆ تیاچوونی ئەو برایەتان؛ چونکە ئەم زیادەڕەوی کردن لە وەسفکردن هۆکاری ئەوەیە تووشی خۆبەگەورەزانین وسەرسامبوون بێت بە خۆی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee